# خانوویەك بەسەر بۆمبەوە

## لەپەیوەند بەهەلبژاردنی جلال تالەبانییەوە بۆ سەرکۆماری عیراق

***چاوپیکەوتنی بڵاوکراوەی (کمونیست) لەگەڵ کۆرش مودەرسی***

وەرگیراو لەپاشکۆی(کمونیست) ژمارە33

وەرگیرانی لەفارسییەوە محمد غفور

***کۆمۆنیست:*** جلال تالەبانی بووە بەسەرکۆماری عیراق، ئایا ئەمە بەمانای سەرکەوتنی بزووتنەوەیەکە بەسەر بزووتنەوەیەکی دیکەدا؟ ئایا ئەتوانرێ بەسەرکەوتن بەسەر ئیسلامی سیاسیدا دابنرێ؟

***کۆرش مودەرسی:*** نا بەهیچ جۆریك نابێ ئیدیعایەکی لەمجۆرە بکرێ. بوونی جلال تالەبانی بەسەرکۆمار دیاردەیەکی کاتییە ورەنگدانەوەی هیزهاوسەنگییەکی کاتییە. بەپیچەوانەی رەوتە ئیسلامییەکان وناسیونالیزمی عەرەبەوە، ناسیونالیزمی کورد ئیدیعا وهەلومەرجی سیاسی وئایدیۆلۆژی حکومەتکردنی نییە بەسەر عیراقەوە. جلال تالەبانی نوینەری هیچ بزووتنەوەیەکی سەرانسەری نییە وبوونیشیان بەسەرکۆمار نیشانەی سەرکەوتن نییە بەسەر بزووتنەوەیەکی سەراسەریدا، یانی بەسەر رەوتیکی وەکو ئیسلامییەکاندا. تالەبانی نوینەری یەك ژیر مەجموعە لەناسیونالیزمی کوردە(یەکیتی نیشتمانی کوردستان)، کەخۆی لەسەر بنەمای هیزهاوسەنگییەکی تیکشکینەر لەگەڵ بەشەکانی تری کوردایەتیدا دەبینیتەوە. بالە جیاوازەکانی ناسیونالیزمی کورد بەردەوام بەهۆی کێبەرکێیان لەدژی یەکتر لەگەڵ دەولەتی عیراقدا یەکیانگرتووە. سەرکۆماریی تالەبانی بەمانای یەك هیزهاوسەنگی کاتییە. ئەگەر وەزع بەمشیوەیە برواتەبەرەوە بەداخەوە کارەساتی ئەصلی لەعیراق هیشتا لەسەر رێیە.

هەلبژاردنیك کەئەمریکا لەعیراق سازیکرد، وەکو پیشبینیمانکردبوو بەسەرکەوتنی ئیسلامییەکان تەواوبوو. خوارووی عیراق بەرەسمی درایە دەستی رەوتە ئیسلامییەکان،و وەکو هیزی ئەصلی سیاسی عیراق بەرەسمی ناسران. ئەمرۆ ئامادەن سازشیکی کاتیی لەگەڵ ناسیونالیزمی کورددا قبولڵبکەن. گرنگترین بەلگەکانی کاتیبوونی ئەم سازشە ئەمەیە کەبەرلەهەر شتێ مەوقعییەتی ئەمرۆی عیراق بەرەنجامی هیزهاوسەنگییەك نییە لەنیوان هیزە سیاسییەکانی عیراقدا. بەرەنجامی وجودی ئەمریکایە لەعیراق وئەم وجودەشی نەئەتوانێ هەمیشەیی بێ نەبارودۆخەکەش هەمیشەیی بوونی نیشاندەدات. عیراق ناتوانرێ بۆ ماوەیەکی دووروودریژ

وولاتیکی داگیرکراوبێ. لەئاکامدا درەنگ یازوو کۆمەلگای عیراق لەریگای یەك دەورەی تیکەولیکەی دیکەوە بەئاراستەی هەلومەرجیکی سەقامگیرتردا پالپیوەدەنرێ.

فیدرالیزمی قەومی لەعیراقدا، یانی لەوولاتیکدا کەبە"هیممەتی" ناسیونالیزمی کورد وعەرەب هەر "قەومیك" "بەختیاری" خۆی لەسەر بناغەی زیللەتی ئەوی تر داناوە، دیاردەیەکی بێتوانایە. ئەوەی ئەمرۆ لەعیراق دەبینرێ نەفرەت وکینەی قەومییە. نەفرەتێ کەهیچکاتێ بەئەندازەی ئەمرۆ قوول، رەش وخویناوی نەبووە. ناسیونالیزمی عەرەب سالانیکی زۆر کوردستانی لەخوینهەلکیشاوە، ناسیونالیزمی کوردیش لەزەجرکیشان وکوشتنی شینەیی خەلکی عیراقدا شەریکبووە لەریگای گەمارۆی ئابوورییەوە لەدەیەی رابردوودا ولەجەرەیانی داگیرکردنی عیراقدا لەلایەن ئەمریکاوە. هەردوو ناسیونالیزم خەلکی بێگوناحی "لایەنی بەرامبەر" بەمەسئول دادەنین. ئەمرۆ بەرەسمی لەزۆر ناوچەی عیراقدا ئەگەر بزانرێ کوردیت دەتکوژن ولەناوچەکانی تریش ئەگەر بزانرێ عەرەبیت هەر ئەو بەلایەت بەسەردینن.

کۆمەلگای عیراق لەپیناوی خۆگرتنەوە و کۆتاییهاتنی لیکترازانی ئیستایدا چەند ریگا زیاتری لەپیشدانییە. بزووتنەوەیەك دەتوانێ لەعیراقدا هەلومەرجی سەقامگیر بهینیتەئاراوە کەریگاچارەی سەقامگرتووی پێبێ بۆ عیراق. ئەو ریگایانە ئەمانەن: یەکەم دەسەلاتپەیداکردنەوەی سەرلەنوێی رەوتی ناسیونال فاشیستی عەرەبی(بەعسییەکان وشتی لەجۆری ئەوان). ئەمانە لەریگای هیزەوە ئەتوانن بەشیوەی سەردەمی صدام بەسەرکوت وقەتلوعامی خەلکی لەعیراق وکوردستاندا سەرلەنوێ عیراق "یەکپارچە" بکەنەوە وبارودۆخیکی جیگیرتر بەرپابکەن. ئەمرۆ بەشوین شکستی ئەم رەوتەدا لەبەرامبەر ئەمریکا ونەفرەتی خەلك لەحکومەتی صدام ئەم هیزە لاوازە، بەلام لەبارودۆخی ترس ودلەراوکێی ئاکامی لیکترازانی هەلومەرجەکە ودریژەکیشانیدا بۆ ماوەی دوورودریژتر ئەتوانێ بەسەر ئەم لاوازییەیدا سەرکەوێ وخۆی کۆبکاتەوە. ریگاچارەی دووەم، دامەزراندنی یەك جمهوری ئیسلامییە لەعیراقدا. ئەمەشیان بەشیوەی جمهوری ئیسلامی ئیران بەسەرکوتی خویناوی خەلك ئەتوانێ، دووبارە لەریگای زۆرەوە، حکومەتی خۆی بەسەر تەواوی عیراقدا بسەپینێ. ئەگەر ئەمرۆ دەست بۆ ئەم کارە نابات لەبەر ئەوەیە کەهیشتا ئامادەیی پیویستی پەیدانەکردووە. هەرکاتێ ئەو ئامادەییەی هەبێ، یانی هیزهاوسەنگی بگۆررێ، رەوتی ئیسلامی بەتووندی وبەخیرایی خۆی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئیمکانییەتە ئامادەدەکات. ریگای سێیەم، دەسەلاتداریتی دەولەتیکی نەقەومی نەمەزهەبیی، ئازادە کەپایەکانی خۆی لەسەر دەخالەتی راستەوخۆی خەلك دانابێ بۆ بڕینی دەستی ئەمریکا، ناسیونالیزمی عەرەب وکورد ورەوتە ئیسلامییەکان بەسەر ژیانی خەلکی عیراقەوە. ئەمە بزووتنەوەیەکە کەلەتوانایداهەیە لەسەرانسەری عیراقدا سەقامگیری دامەزرینێ. سەرەنجام ریگای تریش جیابوونەوەی کوردستانە لەعیراق و بەگشتی گۆرانی جوگرافیای قەومیی عیراقە. لەمراستایەشدا هەم خەلکی کوردستانی عیراق وەلەبەشی عەرەبنشینی عیراقیشدا دەبێ هەریەك تەکلیفی خۆی لەگەل ناسیونالیزمی خۆیدا رۆشنکاتەوە. بەمجۆرە ئەم ئیمکانە دیتەئاراوە کەنفوزی ناسیونالیزم بەسەر خەلکەوە کەمبیتەوە،

ململانێ، کیشمەکیش وهەرەشەی قەومی کەمبیتەوە وخەلکی هەریەك لەبەشەکانی عیراق بتوانن لەدیاریکردنی ئاراستەی ئایندەی خۆیاندا دەخالەت بکەن.

لەسەر بنچینەی ئەم مۆزائیکە سیاسی-قەومییە لەعیراقدا، جلال تالەبانی نوینەری سەرکەوتنی هیچکەس نییە. نوینەری یەك هیزهاوسەنگی کاتییە کەیاریچییانی ئەصلی کۆمەلگا بەخیرایی دەرگیرن لەگەڵ گۆرینیدا وئەم هیزهاوسەنگییە بەخیرایی دەگۆررێ.

***کۆمۆنیست:*** ئایا جلال تالەبانی ئیمکانییەت وتوانای یەکپارچەکردنی دەولەتی هەیە لەعیراقدا لەژێردەستی ناسیونالیزمی کورددا؟ ئەمکارە کردەنییە؟

***کۆرش مودەرسی:*** پیشتر ووتم کەبەگویرەی پیناسە ناسیونالیزمی کورد ناتوانێ عیراق "یەکپارچە"بکات. بۆ ئەم مەبەستە ناسیونالیزمی کورد دەبێ ئیدیعابکات کەبەسرا وبەغدا "مالی" "کوردەکانە". ئەمە ئیدیعایەکە کەناسیونالیزمی عەرەب بەسەر سلیمانی وهەولیرەوە هەیەتی. ناسیونالیزمی کورد بزووتنەوە وئایدۆلۆژیایەك نییە بۆ حکومەتکردن بەسەر عیراقەوە. بزووتنەوە وئایدۆلۆژیای شەریکبوونە لەدەسەلاتدا. هەرئەوەندە. تەنانەت ئەمرۆ لەکوردستان جورئەتناکەن باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەن. ئەگەر ئەمریکا وجەنگی کەنداو نەبوایە ئەمرۆ تالەبانی وبەرزانی لەتاران یالەجیگای تر دوور لەعیراق دەبوون. ناسیونالیزمی کورد وەکو هەمیشە خەریکە لەبەیناوبەینی درز وکەلەبەری نیوان دەولەتانی ناوچەکەدا ژیانی خۆی ئارایشت دەدات، کەئیستا ئەمریکاشی بۆ زیادبووە. ئەم کەلینانە ئەکرینەوە ودەچنەوەیەك وەلەهاوشانیاندا ناسیونالیزمی کوردیش هەلدەکشێ ودادەکشێ. جیگاوریگای ئەمرۆیان کاتی وراگوزەرە.

***کۆمۆنیست:*** ئەلین دوای هەلبژاردنی جلال تالەبانی ئیتر سەربەخۆیی کوردستانی عیراق پیویست نییە. ئیوە چی دەلین؟ ئەگەر وەزعی ئیستا کاتییە، کام ئەلتەرناتیفانە لەبەردەم خەلکی عیراقدان؟

***کۆرش مودەرسی:*** لەپیشتردا باسمکرد، پیموایە بارودۆخی ئیستا کاتییە وهیزهاوسەنگی ئیستا لەرزۆکە. لەواقعدا لەناو دلی ئەم لەرزۆکییەدا مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان گرنگییەکی زیاتری هەیە. کەسێ کەبەتەنگی خەلکەوەبێ چلەکوردستان وچلەتەواوی بەشەکانی عیراقدا لەسەری پیویستە زیاتر پێلەسەر بەرپاکردنی ریفراندۆم داگرێ. مادام کەناسیونالیستەکان وئیسلامییەکان لەعیراقدا بەهیزن مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان گرنگە.

سەرنجبدە، بەخێرایی، لەگەڵ کەمبوونەوەی نەخشی ئەمریکا وکۆتاییهاتنی عملی یا رەسمی داگیرکردنی عیراق هێزهاوسەنگی بەقازانجی ئیسلامییەکان وناسیونالیزمی عەرەبی تێکدەچێ. ئەمجارە لەسەر بنەمای نەفرەتی قەومی ومەزهەبی کەلەمێژووی عیراقدا بێوێنەبووە ئەوەی کەلەرواندا بینیمان لەچاوئەوەی کەئەتوانرێ لەعیراق رووبدات وەکو یاری منالأنە وادەبێ. خەلکی عیراق لەسەر بۆمبێك دانیشتوون. بۆمبی نەفرەت وکینە وقەلشتی قەومی ومەزهەبی. فتیلەی ئەم بۆمبە بەخێرایی لەحالی سووتاندایە، وئەم بۆمبە دێر یازوو دەتەقێتەوە وخەلکێکی زۆر دەبنەقوربانی. سەربەخۆیی کوردستان رێگایەکی بڕینی ئەم ئاگرە وئەم رەوتەیە. ناسیونالیزمی کورد وعەرەب ورەوتە ئیسلامییەکان، لەپێناوی گەیشتن بەئامانجی حەقیرانەیاندا خەریکی فووکردنن بەم ئاگرەدا.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق وکۆنگرەی ئازادی عیراق تەواوی هەولی خۆیان لەپێناوی گۆڕینی ئەوزاعدا چڕکردۆتەوە بەباری بەرژەوەندی خەلکدا، بۆ بڕینی دەستی ئەمریکا، رەوتە ئیسلامییەکان وناسیونالیزمی عەرەبی وکوردی بەسەر ژیانی خەلکەوە. سەرتاپێی هەولی ئێمە لەپێناوی بەهێزکردنی خەلك ودەسەلأتپەیداکردنی ئەواندا بەسەر موقەددەرات وژیانی خۆیاندا، بۆ پێکهێنانی یەك قودرەتی عەزیمی خەلکی بۆ تێکشکاندنی هەموو ئەم خولقینەرانەی بەدبەختی ومالوێرانیی خەلکی عیراق چڕکردۆتەوە. بەلأم کات بەخێرایی تێدەپەرێ وکوللی هەلبژاردن وهەلبژاردنی جلال تالەبانی بۆ سەرکۆماری عیراق پەلەی دووکەلیکە بۆئەوەی خەلکی عیراق وجیهان ئەو کارەساتە نەبینن کەلەحالەتی شکلگرتندایە.

***کۆمۆنیست:*** ئۆپۆزیسیۆنی راستی ئێران دەلی، هەلبژاردنی جلال تالەبانی لەبەرژەوەندی دەسەلأتگرتنی بێعەمامە پرۆرۆژئاواییەکانی دەروونی حکومەتی ئێراندایە لەهەلبژاردنی داهاتوودا، ئێوە دەلێن چی؟

***کۆرش مودەرسی:*** لەنەبوونی هێزێکی لەچەشنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقدا کەدەستی ئەمریکا ورەوتە ناسیونالیست وئیسلامییەکان بەسەر ژیانی خەلکەوە ببرێ،و لەسەر ئەرزی واقع بەبەهێزکردنی خۆی وخەلك دەسەلأتی ئەمانە بەرتەسك کاتەوە، بەپێچەوانەی ئەوەی کەئۆپۆزیسیۆنی راستی ئێران ئیدیعای دەکات، هەلبژاردنی تالەبانی لەعیراقدا ئەبێتەهۆی بەدەسەلأتگەیشتنی رەوتە ئیسلامییەکان لەو وولأتەدا. ئالوگۆرێك کەهەر لەحزەیەکی لەگەڵ خوێن وزەجری خەلکی عیراق بەعەرەب وکورد وتورکەوە تێکەلأودەبێ. ئەمە یەك ئاسۆی ترسناکە لەبەرامبەر خەلکی عیراقدا.

بەلأم ئەمەی کەبەپێچەوانەی عیراقەوە، هەلبژاردنی تالەبانی ئەبێتەهۆی هاتنەسەرکاری زومرەیەك بێعەمامەی ئیسلامی لەبەرامبەر عەمامەبەسەرەکانیدا لەهەلبژاردنی داهاتووی ئێراندا، لەخۆشخەیالییەك بەولاوەتر نییە

کەبەرەنجامی بارودۆخی ترس ودلەراوکێیە. ئۆپۆزیسیۆنی راست بەم ئومیدەوە ئەژی کەهەرچی خیراتر "هاوتای" خۆی لەناو دەزگای جمهوری ئیسلامیدا پەیدابکات تابتوانێ لەریگەی ئەوەوە لەگەڵ دەزگاکانی جمهوری ئیسلامیدا وبەسازشیك لەپیناوی خستنەکەناری ناونیشانی جمهوری ئیسلامی یا چەند ئاخوندیکەوە دەستی بگات بەراگرتنی سەرتاپای دەزگای تاوان ودزی جمهوری ئیسلامی. ئۆپۆزیسیۆنی راست لەپیناوی پاریزگاری لە"حکومەتی نەزم وقانوون" بەسەر سەری خەلکەوە پیویستی بەم دەزگا دەولەتییە ئامادەیە هەیە. دوینێ ئومیدەواربوو عەمامەبەسەرە لیوبەخەندەکان لەجنسی خاتەمی ئەمکارە ئەنجامدەن، ئەمرۆ ئومیدەوارییەکەی گرێداوە بەبێعەمامەکانی هەمان جنسەوە. بەبروای من ئەم لیکدانەوەیە هەلە، وەفریودەرانەیە. ئەیانەوێ بەخەلك بلین شلوقی مەکەن خۆمان خەریکین بەهاوکاری ئەمریکا کاریك بکەین کەپیویست بە"رەحمەت" و"ماندووبوونی" ئیوە نەکات. دەنا زۆر دوورە عەقلیکی سەلیم قبوڵبکات کەرریك لەکاتیکدا دووەمی خورداد(مەبەست رەوتی محمد خاتەمییە-و) لەناوچووە، وەلەکاتیکدا کەئەمریکا لەعیراق لەگەڵ جمهوری ئیسلامی دەرگیرە وتەنانەت ناتوانێ ناچاری بکات دەست لەبەرهەمهینانی چەکی ئەتۆمی هەلگرێ، وەلەحالیکدا کەسیناریۆی هەلبژاردن لەعیراق مەیدانی بەباری بەرژەوەندی رەوتە ئیسلامییەکاندا سووراندووە، جمهوری ئیسلامی رووی خۆش نیشانی ئەمانە بدات. ئەم ئیدیعایەی ئۆپۆزیسیۆنی راست تحلیل نییە. کەمپینیکی سیاسییە. کەمپینیکە بەمەبەستی ئەوەی خەلك دووربخەنەوە لەدەسبردن بۆ کاری توندوتیژی وەیا راپەرین. لەپیناوی رازیکردنی خەلکدایە بۆ ملدانیان بەسیاسەتیکی چاوەروانی کەئەکیشریتە یەك کارەساتی هەمەلایەنە بۆ خەلکی. ئیمە ئەم وەزعەمان بەتەفصیل روونکردۆتەوە لەراگەیەنراوی کۆمیتەمەرکەزیدا لەپەیوەند بەریفراندۆم، جەنگ ولەناوبردنی جمهوری ئیسلامییەوە.

***کۆمۆنیست:*** راستی ئۆپۆویسیۆن دەلی ئەگەر بتوانرێ بەهاوکاری ئەمریکا تالەبانی بهینریتەسەرکار، کەواتە لەئیرانیش ئەمکارە کردەنییە، ئیوە چی دەلین؟

***کۆرش مودەرسی:*** بەهاوکاری ئەمریکا ئەکرێ زۆر کار ئەنجامبدرێ. لەوانەیە بکری سکرتیری حیزبی دیموکراتی ئیران ببیتە سەرکۆمار، یا رەزاپەهلەوی بکریتەوە بەشا، مومکنە جمهوری مەشروتە!! درووستبکرێ. پرسیار ئەمەیە کەچکەسیك ئەتوانێ بەدەسەلات بگات. ئەکرێ بۆمبیکی ئەتۆمی بەتاراندا بدرێ دەسبەجێ جمهوری ئیسلامی تەسلیمدەبێ. پرسیار ئەمەیە کەچی بەسەر خەلکیدا دیت؟ ئەگەر پرۆژەی کەسیك وەکو تالەبانی بەسەرکۆماربوون وبەشابوون بێ، بۆ ئەمکارەش کیشانی بۆمبیکی ئەتۆمی بەتاراندا ریگایەکە. بەلام بەنیسبەت خەلکەوە دەسەلاتگرتنی تالەبانی لەسەر بنەمای رۆژرەشی خەلکی عیراق فەراهەمبووە. ئیمە، لەو راگەیەنراوەدا کەلەوەلامی پرسیاری پیشوودا باسمکرد، روونمانکردۆتەوە کەبۆچی دەخالەتی سەربازی ئەمریکا شیرازەی کۆمەلگا لەبەریەکدەترازینێ. ئەم ریگایە عیراقیزەکردنی ئیرانە.

**لەمنیوەدا بیگومان کەسانێ بەنان ونەوایەك دەگەن، دەبنە شا، سەرکۆمار ووەکیل ووەزیر. بەڵام ئەمە نوسخە وپلاتفۆرمی بیچارەکردن وزنجیرکردنی دەستی خەلکییە. تەنها ریگای دەربازبوون لەکارەساتیك کەلەکەمیندایە بۆ خەلکی ئیران راپەرینی خەلکە لەدژی جمهوری ئیسلامی وبەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیانە.**

***کۆمۆنیست:*** **ئایا بوونبەسەرکۆماری تالەبانی گۆرانیکی بەسەر جیگاوریگای کۆمۆنیزمی کریکاریدا هیناوە لەعیراق؟**

***کۆرش مودەرسی:*** **بەهۆی تەبلیغاتی ناسیونالیزمی کوردەوە، لەوانەیە بەشێ لەخەلکی کوردستان ئەمە بەسەرکەوتنی خۆیان بدەنەقەلەم. یاخود ناسیونالیستەکان بتوانن خەلك رازیکەن بەوەی کەدەبێ هەمان سیاسەتی ژیانکردن لەنیوەندی درز وکەلەبەری دەولەتەکاندا دریژەبدرێ ولە "خیروبیرەکەی" بەهرەببرێ وببنە وەزیر ووەکیل. تالەبانی لووتکەی ئارەزووی ناسیونالیزمی کورد نوینەرایەتی دەکات سەبارەت بەشەریکبوون لەدەسەلاتدا، وەئەمرۆ زیاتر لەهەر کەسیکی تر ئەو وەکو قارەمانی ناسیونالیزم دادەنرێ، بەتایبەت لەلایەن خویندەوارانی کوردەوە. بەڵام ئەم جیگاوشوینە ناجیگیرە وکارەسات لەکەمیندایە. ئەم بارودۆخە بیگومان کاریگەری خراپ دەخاتەسەر کاری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق وکارەکانی زیاتر دەکات. بەڵام ئەم کاریگەرییە کاتی دەبێ. ئەمرۆ ئایندەی عیراق زیاتر لەهەر شتیکی دیکە بەبەرەنجامی هەولی ئیمەوە گرێدراوە لەپیناوی ریکخستنی کۆنگرەی ئازادی عیراقدا. ئەمە کاریکە کەئیمە خەریکین ئەنجامی دەدەین.**